# چ ڕۆژگارێک تێی کەوتووین!.. د.حیکمەت نامیق

ئامانجی ئەم وتارە کورتە بەم تایتڵە مەبەست لێی ئەوەیە کە ڕۆژگارێکی یەکجار ناخۆش مرۆڤ لەم سەردەمەی سەرمایەداریدا تێی کەوتووە تێیدا مرۆڤ ڕۆژانە لەنەو قەیراندا گوزەر دەکات، بەیە کارکردن لەسەر ڕێگەی کایەی سیاسی و دەسەڵات لەسەر گەڵانە کەمەڵایەتی وئابووریەکانی تاک یەک جار گرنگە، چونکە دەسەڵات بەرپرسی یەکەم و کۆتای کەمگەیە. قسەیەک هەیە دەڵێ{ دەسەڵات هەزی ئەوەی هەیە ژیان لەیەککاتدا هەم بکاتە دۆزەخ هەم بکاتە بەهەشت} ڕەنگە ئەم گوتەیە تائەندازەیەکی تەواو دروست بێت، چونکە ئەوە دەسەڵاتە خاوەن ئابووریی و بازرگانی و بەیاری سیاسی و دامەزراوە فەرمیەکانە. هەروەها هەر خودی دەسەڵاتی سیاسیش جۆری کەمگەی دەکات هەرکات بیەوێ هەیدەسوڕێنێت وبکارێ دێنێت بۆ ئەوەی هەمیشە لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بمێنێتەوە. لەبەرەو ژیانی مرۆڤکان بەشێوەی سەرەکی لەژێر هەژموونی دەسەڵاتە جیاوازەکانە، هەرچەندە ئەم بەچوونە ڕەنگبە پێچەوانەی ئەو سەیەلەژستە و تۆژەرانە بێت کەوا نوێنەرایەتی قوتابخانەی ستراکتوری کەمەڵایەتی و پێگەیاندنی کەمەڵایەتی دەکەن، بەڵام بەواقیعی دەرکەوت لەکوردساندا خۆشی و ناخۆشیەکانی مرۆڤ لەژێر هەژموونی دەسەڵاتداران وسیاسیەکانە هەرکاتێ بیانەوێ ئەوا بەیەک بەیارو گوتار ژیانی کەمگەی دەکەنە بەهەشت تێیدا مرۆڤ لەژێر سێبەری ئەم حکومە ئاسودە دەبێت. هەرکاتێکیش ئارەزوویان لێبێت دەیکەنە دۆزەخ دەخێک دروستدەکەن تێیدا مرۆڤ بۆز لەمرۆڤبوونی خۆی بکاتەوە هەمیشە وەک کەسێکی تووڕە و هەڕچوو دەرکەوێت. ئەگەرچی پەروەردەو ستراکتۆری کەمەڵایەتی و پێگەیاندنی مرۆڤکان بەشێکی گەورەی ئازارو خۆشیەکانی کەمگا پێدەهێنێت نکۆڵی ئەم کایە گرنگەی کەمگا ناکرێ. بەڵام ئەوەی هەیە پێچەوانەکەی بەرجەستەیە فاکتەری دەسەڵات بە چەمکە کلاسیکی و نوێگەریی مارکسیەکان دەیسەلمێنێ کەوا تەنیا دەسەڵاتی سیاسی ڕەنگدانەوەی ئەرێنێ و نەرێنی هەیە لەسەر ژیانی کەمەڵایەتی مرۆڤکان. لەمڕۆ ئەم بەچوونە گرەو لەسەر گەڵانکاریی کەمەڵایەتییەکانیش دەکاتەوە بەنموونە دەسەڵاتی سیاسی بە چاکسازیی ئابووریی و دارایەکانی دەتوانێ فۆکسی تەواویش بخاتە سەر گۆشە پەروەردەیی و کەمەڵایەتییەکان بەرنجامەکەشی ئەگەر ئەنجامی بدات هەم گۆشەی ئابووری تاکەکەس و هەم گۆشەی مێنتالیتی

وەقیەتی مرۆڤکانی لەدەکوتنوە. ئەفسوس هەموو کردەوەو هەسوکەوتکانی دەسەلات دژە لەگەڵ خواست و ئارزووکانی مرۆڤ. وای لێهاتووە مرۆڤ هەمیشە بەنیگەرانی قەڵەقیەوە ژیان بگوزەرێنێ وەک ئەوەی کە ئێستا هەیە. دەسەلات لەبری ئەوەی خۆشگوزەرانی و خۆشی نیشانی هاوڵاتیانی بدات، کەچی هەر هێڕشو بارگرانی و قەیرانێکی دیکە دەخاتە سەر هەموو ئەو ناخۆشی و ناعەدالەتیانەی کەوا دەمەکە بوونی هەیە لەکوردستاندا. بەبۆچوونی من دەسەلات ئەگەر خواستی لەسەر بێت هەم دەتوانێ ژیانی کەمەگە بکاتە بەهەشت هەم بیکاتە دەرزخ بەمانایەکی دیکە دەسەلات میللەت دەخۆش دەکات بە بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووریی و دەستکەوتی تاک بەپێچەوانەوەش هەر ئاستە تووەو بەتاقەتی دەکات بە دروستکردنی قەیران و ناعەدالەتی زیاتر.

**د.حیکمەت نامیق**

---

# لەکەوتەکانی ئەم جەنگە لەسەر دەخێکی خەڵک لەهەرەمێی کوردستاندا!.. د. حیکمەت نامیق

ئەو جەنگەی کەوا بەرپابووە دیار نییە کەی کۆتایی پێدێت. ئەوەی کە زەر جەگای تەئامان وشکە بە خەڵک گرانبوونی نرخی سوتەمنی وخۆراک و کەلوپەل و شتومەکە دەسەلاتیش نەبای دە نەباران ئەو حکومەتەی کە دەمەکە لەخەمە قووڵکانی خەڵک دوورکەوتەوە. لەکەوتەو کاریگەرییەکانی شەڕ لەسەر کەمەگای کوردی بەجۆرێکە هیچ کەسێک چارەسەرێکی ڕیشەیی نییە بە دەخەکە.
کەمەگا لە دەخێکی ناخۆشی ئابووریی و سیاسی و سەربازیی و دەروونی دژیت، بەتایبەتی لەکاتی کێشەو قەیرانکاندا ئازاری مرۆڤکان دەردەکەوێت. لەوتەی ئەم شەڕەی ئەمریکاو ئێران دەستی پێکردووە میللەت هەژانە لە چاوەڕوانی کوژانەوەی جەنگەکە ژیان بەسەدەکەن. چونکە بەشی زەری کەمەگای کوردی لە دەخێکی خراپی ئابوریدان شەکەش دەخە ئابووریی و کەمەیاڵتیەکەی سەختترو قووڵتر

کردەتەوە، چونکە فشارە دەروونییەکان لەسەر تاک و گرووپە کۆمەڵایەتییە هێزارو پەراوێزخراوەکان زیاتر بوون. دەشێ بوترێت کەوا لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا ئازاردانی ژنان مرۆڤەکان بوونەتە دیاردەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی، بەمانایەکی دیکە لەم جۆرە کۆمەڵگایانەی کەوا هیچ سیستەم وەدامەزراوەیەکی مەدەنی نییە تێیدا ئازارو چەپاندنی مرۆڤەکان بوونەتە کولتوور لەنێوەیەکەوە بە یەکەکی دیکە دەگوازرێتەوە. لەسەروبەندی کێشمەکێش و شەڕکاندا بازرگان و سەرمایەدارە تاماعکارەکان دەخڵەکە دەقەزنەوە بە گرانکردنی زیاتری نرخی کەل و پەل و سوتەمەنی و شتومەکەکان.

لەئێستادا کۆمەڵگای کوردی لەژێر بارێکی قورسی ئابووریدا دەگوزەرێ بەهۆی ئەم شەڕەی کەوا هیچ وادەیەکی نییە بۆ کۆتاییهاتن. ئەم کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری نین تاوەکو دەستەبەری تەندروستی وکۆمەڵایەتی و ئابووریی و سەشیامان هەبێت، بەڵکو کۆمەڵگایەکی ئاگوزەرین لەقەناغێکی کۆمەڵایەتی وئابووریی سادەی پێش مەدەرنەدا بەدەست چەندین گرفت و کێشەی قووڵەوە دەناڵێنین لەهەموو بوارەکانەوە. ئاشکرایە شەڕ هەرچەندێک بێت ئایدەلۆژستەکان چەن تەفسیری دەکەن، بەڵام هیچ شرۆڤەیەک بۆئەندازەی ئەوە نییە ماوەرانی و قاتوقڕی و بەدبەختی و گرانی لەگەڵ خۆی دینێت بۆ کۆمەڵ و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی شەڕ دەبێتە بەڵاو کێشە بۆ چینی هێزارو بێشخوراوان. هەرچەندە زۆر بەکەمی نابێت ئاگینا هیچ شەڕێک بەدرێژایی مێژوو ئاشتی و خۆشگوزەرانی و خۆشبەختی لەگەڵ خۆی نەهێناوە بۆ کۆمەڵگا. پرسیار ئەوەیە لەئاگاری درێژدانی ئەم شەڕە پلانی دەسەڵات چیە بۆ کۆمەڵگا؟ ئاگەر کوردستان تەوبگەلێت لەم شەڕەدا دیسان جێگرەوە چیە؟ تاکەی کۆمەڵگا بەرگەی ئەم گرانییە دەگرێ؟ هەموو ئەم پرسیارانە پەویستی بەوەڵامی وردە هەیە، چونکە وەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکرد ژێڕی هێزاری لەکوردستاندا لە لوتکەدایە بەکاری تەنگی بەگەنجان هەڵچنیوە، کەچی گرانی نرخی کەلوپەل وکاڵاکان و سوتەمەنیشی هاتە سەر. ئاگەرچی خۆ بەدوورگرتنی بەیار بەدەستان ئۆپۆزسیۆنی ئاقڵانییە، چونکە شەڕی پێکسی هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی نابێت. پرسیارو تێبینی خۆڕک دەخی دارایی و ئابورییە نەوک شتی تر. کەواتە گرانی بازاڕ کاریگەری نەرێنی زۆری کردەتە سەر دەخ و گوزەرانی خەڵک. لەهەموو دنیا کاتێ ئەزمەسەرهەڵدەدات حکومەت قسەو هەڵوەست و ئەڵتەرناتیڤی دەبێت بۆ دەخە سەختەکان، کەچی لەرە ژێژانە نرخی شتومەکەکان گران دەبن و بازرگانە چاوچنۆکەکان بەئاشکرا سوتەمەنییەکانی وەک غازو بەنزین و نەوت بەبازرگانی دەکەن. ئەم دەخە وابەردەوام بێت نرخی سوتەمەنی وشتومەک و کاڵاکان بە چەند هێندە بەرزدەبنەوە. ئەمەش کاریگەری

ئاستەوخۆی دەبێت لەسەر ژیانی هاووڵاتیان. پێویستە خەمخۆران وبیار بەدەستان زوو بێنە دەنگ لەسەر بارگرانی خەڵک و گرانبوونی نرخی کاڵاوسوتەمەنییەکان بیارێک بدەن لایەنی کەم بارگرانی خەڵکی ماندووی کوردستان کەم بکەنەوە.

---

# بۆچی ئانکی زانکۆکانی کوردستان لە پاشکۆیەکدان؟.. د.حیکمەت نامیق

زانکۆ تا ئەو جێگەیە پێبایەخە کاری تۆژینەوەو سەربەخۆیی بێت، کە دەستەم سەربەخۆیی واتە دووربێت لە دەستتێوەردانی حیزبی و سیاسەتکردن و عەقڵیەتی بازرگانی و کاری بزنس و نمایشکردن. زانکۆ لەهەموو شوێنکدا کاری بۆ پێشبردنی زانست وئەکادیمایە لە پاڵ ئەمش ئەرکی مامۆستاو قوتابیانە هەوبەدەن ئاشنبیر و گەینی کەمێگا بەدەن لەقەناغکی مێژوویی پاسیف بۆ قەناغکی گۆشکردووی هۆشیار. لەڕەو ئەزموونی زانکۆ ئەرکی بەتەنیا ئەکادیمیاو دیسپلین و وەرگرتنی بەوانامی ووت نییە بەئەندازی ئەوی داهێنان و کرانەوە و ئازادی و گەانکاریە لەهەموو ووکانی ژیانی مرۆڤدا. پرسیار ئەویە چەندین زانکۆ لەکوردستانداهەن، کەچی کەمێگاو مێنتالیتی کەمێگا هەروک خۆیتی نە زانایک نە داهێنانکی تازی زانستی ووی نداوە لەهەردوو کایی زانستە پەتی و مرۆقایەتییەکاندا، هەروها کەمێگا بازی نداوە بەهی ئەنجامگیرییەکانی زانکۆ لەقەناغکی ئاگوزرییەوە بە قەناغکی پشکەوتوو.
ئەوی لەزانکۆکانی کوردستاندا دەگوزرێن تەنیا نمایشکی بەتاڵە، چونکۆ کار لەسەر ئەو بنچینانی کە دبنە هی گۆشکردن و پگەیاندنی قوتابیان و مامۆستایان ناکەن. هەروها لەڕ ئیدارەدانی زانکۆکان لەسەر لەهاتوویی و کارامیی و توانستی کەسکان نییە بەپێچوانەوە لەسەر بنەمای حیزبی و سیاست و کوتڵو کوتڵکاریە. هەروها زانکۆ حکومی و ئەهلییەکان هاندری مادی مامۆستا نین تاوکوو تۆژینەوە بکەن، بۆکو چەندین ساڵە زانکۆکان

تووشی قەیرانی مادیی قووڵ بوون خاوەن سەرمایەداریی دارایی نین تاوەکوو مامەستا تیۆرینەوە لە گۆڤارە پێشکەوتووەکان بۆی بکاتەوە. کاتێ زانکۆ سەرمایەداریی ئابووری نەبوو چاوەڕێی چی لە داهێنانی ئەکادیمستەکان دەکەن، هەرچەندە قەیرانی دارایی گشتگیر تەواوی سێکتەرەکانی کۆمەڵی گرتەتەوە، بەڵام زانکۆ دامەزراوەیەکی یەکجار گرنگە بۆ داهێنان و دڵنیاوەو کێشفکردن و پێشبینیکردنی دیاردەکان. ئەرکی ئەکادیمستەکان کارکردنە لەسەر پێگەیاندنی قوتابی و بەاوکردنەوەی تیۆرینەوەو چەندین ئەرکی تر، بەڵام کاتێ مافی ئەکادیمستەکان فەراهەم نەبوو ئەوا ئەرکیان بەرەو سستی وناچالاکی هەنگاو دەنێت. هەروەها زۆرێک لە بەرپرسەکانی زانکۆ و کەڵێکان لەسەر بنەمای ئەکادیمی و توانستی زانستی دانەنراون، بەڵکو وەک ئاماژەمان بۆکرد لەسەر بنەمای ئینتیمای حیزبی و ئینتیمای سیاسی و کوتڵو گرووپێ بەرژەوەندخوازەکان دیاریکراون ئەوەش هەکارە بۆ پاشکۆیی ئاستی زانستی زانکۆکان. خاڵێکی دیکە پەیوەندی بەهەژموونی بازرگانی و بزنسەوە هەیە، بۆتایبەتی لەنەو زانکۆ ئەهلییەکاندا ئەمەش گەورەترین لەدانە لە ئەکادیمیا، چونکۆ ئەم جۆرە سەرمایەداریە بەوانامە دەکاتە وەرەقەیەکی بۆ کڕک و ئاستی زانستی دادەبەزێنێت بۆ دامەزراوەیەکی سەرمایەداری تەماعکارو مەکینەی وەبەرهێنان وبەرخۆری و دابەشکردنی بەوانامە. لەرەوە ئەرکی زانکۆ دگۆڕێت لە دەزگایەکی مەعریفی بەرهەمهێنانەوە بۆ دامەزراوەیەکی بەرخۆری مادی ڕووت. بۆئەوەی زانکۆ گۆشە بکات کۆمەڵگا بەرەو پێشەوە ببات دەبێ دامەزرێی لە دەستەوەردانی حیزبی و کاری بزنس و بازرگانی، هەروەها بەرزکردنەوەی کوالێتی و توانکی زانکۆکان پەیوستە گرنگی زیاتر بۆ کۆسانی ئەکادیمست بدرێت لەسەربنەمای خودی زانست و لێهاتوویی و کارامەیی کەسەکۆ نەوەک شتی تر. لەگەڵ سەربەخۆیی دارایی و فەراهەم کردنی هەموو پێداویستیێ مادیی و فیزیکییەکان، هەروەها ڕاخساندنی ژینگەیەکی لەبار لەڕووی باڵاخانەو کۆمپسەکان. دەبێ ئەزموونی زانکۆ بۆ قوتابی بکرێتە ئەزموونی فێربوون و داهێنان و دروستکردنی پرسیاری قووڵی زانستی.

د.حیکمەت نامیق

# واقعی ئەستای حکومداری بە کورتی!.. د.حیکمەت نامیق

ئەگەرچی ئەنترەپرلەژیا ئەوی هەونکردەتەوە فەرمی حکومداری لە کەمەگا سەرەتایەکاندا ئەجگار سەرەتایی وخەریکیە لەووی سیاسی و ئابوری یاسایی وپەکهاتەی کەمەایەتی وفەرمی کارکردن و هەفتارو کەسایەتی و پەیوەندییە کەمەایەتی وکەسیەکانەوە، بەڵام ئایا کەمەگای کوردی لەووی سیاسی و کەمەایەتی و ئابوریەوە هەشتا سەرەتاییە؟ ئەوە شونی توژینەوەی زانستی و کارکردنی توژرانە هەنگە کاتی زەری پەویست بە بە تەواوکردنی ئەوجەرە توژینەوانە.
ئەوەی کە دەمەوە لەم وتارە کورتە بیخەمەوو سەرنجی ئەمە وزەرەک لە خەمخرانە لەسەر واقعی ئەستای حوکمداری لە کوردستان و ناوچەکەدا، هەرچەندە لەسەدەی نیو لیبرالیزم و دنیای تەکنەلەژی و مەدەرنە دەژین، کەچی واقعی حوکمداری کوردستان هیچ پەوەرەکی زانستی لەخەناگرە بەمانایەکی دیکە دەسەاتە یەکدوایەکەکان قەناغەکانی گەشەکردنی مەژووی کەمەگای کوردی بەرەو دواوە ئاراستە دەکەن.
فەرمی حوکمداری لەئەستاد ئەویە، کە تاچەند خەەک زیاتر بچەوسەنەتەوە چەن ستەمی زیاتر لە میللەت بکرە چ هەگاو شەوازەکی تر هەیە لەدەرەوەی مەژوو بدزنەوە بە زیاتر خنکاندنی کەمەگاو بەندکردنی، ئیشی دەسەات ئەویە باشترین هەگا بەکاربهەنەت بە سزادانی زیاتری کەمە، سزای ئابوری و کەمەایەتی وەک ئەوەی تاوانی مەزنی کردبە کەمە دەیەوە بژی دەسەات نایەوە ئەو میللەتە بژیت و ئاسودە بەت.
فەرمی حوکمداری ئەویە لەهیچ سە نەکاتەوە بە شکاندنی نەفسیەتی خەەک و شەتکردنی، ئیشی دەسەاتدارانی ئەستا ئەویە چ پلانەکی دیکە داهەژن بە زیاتر لەکەدارکردن و بە نرخکردنی مرەف، دەسەات دەیەوە خەەک زیاتر نائومەدو سەرگەردان بەت، لەئەستادا نەخشیە دەورنیەکان، هەژەی جیابونەوە، کەچی زیاتری گەنجان، پاشکەشەی هاوسەرگیری،هاتن بە مادە هەشبەرەکان، قومارکردن، دەرمان خەرو چەندان کەشەو نەگبەتی تر بەەکی ئەومیللەتەی گرتوە.
بەیاربەدەستان دەیانەوە پەمانبەەن ئەوەی، کە ئەمە دەیکەن نابە لەهیچ بچە ولەهیچ شونەکی دنیا بوونی هەبەت، چونکە ئیشمان ئەویە هەق وکینە بەسەر خەەکی هەژارو کەمدرامەت هەەەژین و زەلیلیان بکەین وکەسایەتی کورد بە ئەبەد تەک بشکەنین، حکومەتی ئەستاد لە

خەمی ئەو نیە ئازای هەژاری وبەکاری چەندە، جیاوازی چینایەتی لە چ ئاستێکی ترسناکدایە دەسەلات باکی بە دامەزراوەکانی زانکۆ و قوتابخانەو پەروەردەو بونیادی کۆمەلایەتی نیە، کە خەریکە بەتەواوی وێران دەبن، بە پێچەوانەوە گەورەترین ئەرک و خەمی ئەویە چۆن پارەکە بکاتەوە و خەرو بڕەکە بەخێی ببات و بەیەکجاری ئەوەی ماوە دایدەشێ، دەسەلات لە خەمی ئەوەنیە کابرای کرێچی لەبەر نەداریی ونەبوونی خێی دەکوژێت یان فەرمانبەر و مامەستا بەهەی پێنەدانی موچۆ توشی نەخۆشی و شکستی دەروونی و کۆمەلایەتی بوونەتەوە، ئەوانەی دەسەلاتی سیاسی وئابوریان بەدەستە لە خەمی گەنجان نین کاتێ وەلات بەجێدەهێن، دەسەلات نایەوە لەوە تێبگات لەکۆتەکانی برسیکردنی خەڵک چ ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنی دروستدەکات لەسەر دروستی دەروونی تاک، بەڵکو ئەوان تەنیا خەمیان ئەویە چۆن پارە کەبکەنەوە بە خەیان ونەوەکانیان. چۆن باڵەخانەکان بەرزکەنەوە بە قازانجی کەسی وخەزانی خەیان، خەمی هەرگەورەی ئەوان بە کەمپانیاکردنی دارو بەردی ئەو هەرەمەیە، کاری ئەوان بگەندەکردنی هەمووشتێکی ئەو کوردستانیە پرسیار ئەویە بۆچی دەبێ حکومەتی خەمای ئەوفرەمێ پیادەبکات و ڕێ ئەستوربێت بەرانبەر بە میللەتەکەی ئەو ئەو پرسیارەیە پەویستە هەموو تاکێکی بۆئاگا لەخێی بکات.

---

# چۆن گەندەڵی ڕیشەکێش دەکرێ؟.. د.حیکمەت نامیق

ئەوە ئەو پرسیارەیە کە خەیاڵی کەسانی خەمخۆرو دڵسۆزی داگیرکردوە بەتایبەتی ئەوانەی لە کایە جیاوازەکان ڕاستگۆیانە کارەکانیان ڕادەپەڕنن، کاتێك قسە لەسەر گەندەڵی دەکرێ یەکسەر دەسەڵاتی سیاسی تاوانبارەکرێ، بەمانایەکی دیکە گەندەڵی زیاتر پەیوەستەکرێ بە کایەی سیاسەت و حکومەت و دامودەگاکانی میریەوە، بەڵام سەیرلەژیاو لقەکانی پەماندەڵێن کە پەروەردەو ستەرەکتوری کۆمەڵگا مرۆڤی نابەرپرس و گەندەڵ بەرهەمدێنێ هەر ئەو مرۆڤە دەچێتە نێودامودەزگا هەستیارەکانی حکومەتەوە دەستەکات بە پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییەی کە دەمکە گرێدراوە

بە تۆکی دیکەی بەرزترەوە بۆیار لەسەر ئیختیلاس و بەهەدەردانی سەروەت و سامانی میللەت دەدەن، پرسیار لێرە ئەوەیە ئایا حکومەت ئێگاکە دەکاتەوە بۆ گەندەڵی یان ئەوەتا مرۆڤە بوودەکان لەبنەمادا خۆیان لەسەر دەستپیسی پەروەردەکراون لە دەرفەتێك دەگەڕێن بۆ ئەوەی دزە بکەنە نێو تۆڕەکە.
گەندەڵی بەرەنجامی ستراکتۆری کۆمەڵگایە بەگشتی بە پێی ئەنجامگیریە کۆمەڵناسیەکان لەسەروی هەمویانەوە قوتابخانە وەزیفی و ستراکچەرەکان، چونکە کاتێك پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی توشی شەڵەل بوو یان لە دەست دەرچوو ئیدی ئەوەی شوێنی دەگرێتەوە مرۆڤ لەهوشت و هەڵفتاری ئەقلانی دوردەخاتەوە بەدوای سودی کەسی و خۆدوەمەندکردن دەگەڕێ بە شێوەی ناشەرعی و هەروەها وەك پەروەردەکراوێکی دارستان ئیش لەسەر غەریزە کپکراوەکانی دەکات دەزگاکانی حکومەت بەکار دێنێ بۆ کەڵکردنەوەی پارە بەشێوەی نایاسایی و ئەخلاقی لێرەدا هەم پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و هەم هێزو دەسەڵاتی خەم خەمخۆر ئەگەر هەبێت دەستە وەستان دەبن لە چارەکردنی کێشەی گەندەڵی، چونکە دەبێتە خوویەکی خراپ تا ماوەیەکی دوو مەودا درێژە دەکێشێ
لەکوردستاندا گەندەڵی لەوەتێپەڕیوە تەنیا بەرمەبنای سیستمی سیاسی و ئیداری بێت، بەڵکو پەیوەتەوە نێو هەندە کۆمەڵایەتیەکەی لە ئێستادا لەنێو هەمو سێکتەرەکانی ژیان بوونی هەیە ، چەمکێکی وەك خزمخزمێنە یان واستە یان ئەوەتا پەیوەندی کەسی و حیزبی و چەندین پەیوەندی دیکە لە نێو دامودەزگا ئیداریەکاندا ڕۆی بەرچاویان هەیە لە بڕەوسەندنی ئەو دیاردە هەیە گەندەڵی بە چەندین فۆرمی جیاواز دەردەکەوێ گەورەترینیان تەخشان و پەخشانکردنی داهاتی ئەو هەرێمە یە بۆ بوودەکان، ڕاستە گەندەڵی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە، بەڵام ئەو دیاردەیە هاوتەریب نیە لەگەڵ هەموو کایەکانی نێو کۆمەڵ. چەندین گرووپ و توێژ هەن لەنێو کۆمەڵ نەباوەڕی پێیەتی نە مومارەسەی دەکات یا بەمانایەکی تر ئەو دیاردەیە نەبووەتە کەڵەفتار.
.
چۆن ڕیشکێش دەکرێ ئەو پەتایە؟ ئەو پەتایە تەنیا بە پەروەردەکردنی جیلێکی تازە کە گۆشکرابێت بەیاساو بیرکەی مافی مرۆڤ و لێکبوردن و ئەخلاقی بەرز لێرەدا سۆشیالیزەیشن یان بەکۆمەڵایەتیبوون ڕۆلێکی ئێجگار گەروە دەگێڕێت بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردە مەترسیدارە، کاتێك مرۆڤ پەروەردەکرا لەسەر دەستپاکی و نەریتی جوان ئەوا هێواش هێواش ئەو دیادرە نێگەتیفە کۆتایی دێت هەروەها نەهێشتنی گەندەڵی بە دابەشکردنی سامانی نەتەوە بەیەکسانی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگا بە

باشترین بژاردەی نەمانی گەندەڵی هەژمار دەکرێت، لێرەدا پێسەکە هاوشانە لەگەڵ سیستمی سیاسی و ئیداری ناوچەکە، چونکە وەك لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکرد تەشەنەکردنی ئەو پەتایە هەم کەمەڵایەتیە هەم ئیداریە کەواتە بۆکۆتاییهاتنی ئەو دیاردەیە هەماهەنگی هەردوو هێزەکەی پێویستە بۆ کەمکردنەوەی هێزەکەی و دواتر ڕیشەکێشکردنی گەندەڵی لەناوەکەوە.

---

# بەرەو نەمانی خۆشەویستی.. د. حیکمەت نامیق

ئەوەی کە دەمەوێ قسەی لەسەربکەم توانەوەی خۆشەویستیە لەسەر دەمی بەجیهانیکردن و بە سۆشیاڵ میدیاکردنی کەمەگا، هەنگە فیلم و جۆرەکانی خۆشەویستی لە کەمەگایەکی گەشەکردوی ئەقڵی تاکادەیەك جیاواز بێت لەهەندێ خەسڵەت و تایبەتمەندیدا، بەڵام بەگشتی بەپێی توێژینەوەی کەمەناسەکان خۆشەویستی سەزداری نێوان ژن و پیاو تواوەتەوە یان تەواو وون بوە لەبەرچەندین هۆکار، هەنگە بە سۆشیاڵ میدیاکردنی کەمەگا پشکی شێری بەرکەوێت، چونکە کاتێك خۆشەویستی لەهەموو شوێنکی کەمەگا بەردەست بوو هەرکاتێك ویستت بەدەستی بێنیت ئەوا دەبێتە شتکی هەرزان دەگەیت بێ کاڵاو مەودا کورت دەبێت ئامانج و وەزیفەی لەدەستدەدات.

لەمێژە سۆسیۆلۆژیستەکان ئەوەیان بەگوێی خوێنەر داوە کەوا خۆشەویستی لەسەردەمی ئێستادا کۆتایی پێهاتوە ، سێکس و ڕابواردن و چێژ وەر گرتن شوێنی گرتۆتەوە بێنموونە کەمەناسکی وەك( باومان) لەکتێبی( خۆشەویستی شل) پێی وایە کە سێکس لەسەردەمی پێست مۆدێرنەدا شوێنی بەهای خۆشەویستی گرتۆتەوە، ژنە کەمەناسی فەیەنسی بەهەگەز مەغریبی (ئیڤا ئێز) لەکتێبی (نەمانی خۆشەویستی) دەڵێ ئەوانەی پێشتر یەکتریان خۆشدەویست ئێستا یەکتر بەجێدەهێڵن ئەو لەتوێژینەوەکەیدا بەتێرو تەسەلی ئاماژە بە نەمانی چیرکی خۆشەویستی دەکات و دان بەوەدانێت کە ژیانی خێزان و پەیوەندی ڕەگەزەکان پێیەتی لە نائارامی و ناهگربوون لەگەڵ یەکتر بەشێوەیەك پەیوەندیەکان هەڵوەشاوەتەوە کە مرۆق توشی شك دەکات،

ئەو پەیوەندیە هەگریەی نێوان هەردوو هەگەز یان بەومانایەکی دیکە ئەو ئازادیە خودیە لەسەر بنچینەیەکی هەسمی و کۆنتراکت گرێدراوە تێیدا یەکانگیری خەزان دەکەنە وەزیفەی یەکتر هەروەها لەپێناو خەزانێکی تەندروست کۆشش دەکەن، بەهەرحاڵ ئەگەر خۆشەویستی لەپێشودا پابەندبونی ئەخلاقی نێوان دوو هاگەز بوو بێت بەرانبەر بەیەکتر ئەوا ئێستا بەرەبەرە ئەو پابەندبوونە ئەخلاقیە بزر دەبێ لەنێودنیای سۆشیاڵ میدیا و بەرخەریزم و سەرمایەداری و هیکلامدا. کوردستان لەسەردەمی جیهانگیری ناژیت بەومانایەی قەناغی دەرەبەگایەتی و خۆایەتی و سەرمایەداری بە سروشتی تێپەاندبێت ، بەڵام شەپۆلی ئەو تۆە کەمەایەتیانە کەبەرهەمی سیستمی سەرمایەداری و پێژی بە جیهانگیریکردنی نیو لێبەالیزمە یەکسەر بە بێ سێ و دوو بە بێ پشکنین و لێکەوتەکانی لەسەر خەزان وکەمەگا هاتە نێو پەیوەندیە کەمەایەتیەکان، خۆشەویستی کردە مادەیەکی لاستیکی شل خەریکە ئەو بەها جێگیرەی کە هەبوو بەتەواوی لەناوی دەبات، لە پەیوەندیەکی کاتایی تەکمەو یەکانگیرەوە گۆی بێ مادەیەکی شل هەرکاتێك بیەوێت ئەو وەزیفە بەهاییە بەیەکجاری پێدەنێت.بەبێ بیرکردنەوە لە ئەلتەرناتیفێکی ماقوول بێ ژیانکردن و پێکەوە ژیانی هەردوو هەگەز.

---

# مودێلەکان وەك دیاردەی کەمەایەتی .. دکتۆر حیکمەت نامیق

مۆدێلی جل و بەرگ ،نمایشی جەستە ، جوانی روخسارو باڵا ،یا هەر جۆرێکی تر ،بێتە دیاردەیەکی کەمەایەتی بەشێکی زۆری مۆرك ماوەرەسەی دەکات بەتایبەتی هەگەزی مێ ،لەدونیای دەرەوە یا هاستر لە کەلتوری ئەوروپادا بە شێوەیەکی ترمۆدێلە ژنەکان کاردەکەن کەهەنگەهیچ پەیوەندی بەمۆدێلەکانی کوردەوە نەبێت . ئامانجی مۆدێلەکان بەگشتی پەیداکردنی سامان و ناوبانگیە ،کەهەنگە ئەو ناوبانگیە لەداهاتودا بیکاتە ئەستێرەیەکی سینەمایی یا هاگەیاندکارێك یا ئەوەتا سەرکردەیەکی سیاسی.تیایدا کەمەك

ئامرازو میکانیزم بەکاردێنن بۆ گەیشتن بەو پێگە مادی و سەرمایە هەمزیە لەکۆمەڵگادا.لەسەروی هەموویانەوە سۆشیاڵ میدیا ،کەبە درۆژایی ئەوچەندین ساڵە ی ڕابردوو لەکوردستان ڕۆڵی ئۆجگار نێگەتیفی گێڕاوە بەجۆرێك هیچ سانسۆرێك نیە بۆ بەرگرتن لە تەشەنەکردنی ئەو دیاردەیە .

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوەبکەین هەموو ئەو مۆدێلانە یا فاشنانە بەهەموو لق و جۆرەکانیەوە بەرهەمی دونیا ی مۆدێرنەو گلۆباڵ و سەرمایەداریە چونکە هەمیشە سەرمایەداری ئیش لەسەر ئەو جۆرە تایپانە دەکات بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانی و بەرهەمهێنانەوەی دوبارە کەلتوری کۆمەڵگا بەشێوازێك کەیەکانگیر بێت لەگەڵ خواستی ئایدۆلۆژیای ئەو ، کە دواجار ڕەنگە کاریگەری بەسەر بەشێکی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان جێبێڵێ لەنێو کایەکانی کەلەتوردا .ئەو جۆرە دیاردەیە بۆیەکەم جار لە هەریەك لە ئەمریکاو فەرەنسا سەریانهەڵدا لەسەرەتای سەدەی بیست لەشێوەی کارکردنی ئافرەتان لەبواری دیزاین دواتر بۆ فڕۆشتنی کەلوپەلی بازرگانی و ڕیکلام و کاری بازرگانی و ڕیکلام کردن لە هەموو سێکتەرەکانی ئابوری و ساغکردنەوەی کاڵاکان .مۆدێلی فاشن لای کۆمەڵناسان زیاتر خۆی لە پێشینی ستایلی تازە دەبینیەوە لای چینی باڵا دواتر ئەو جل و بەگ پێشینە ڕەنگی دایەوە لە نێو چینەکانی تریش چونکە جۆرێك لە دژایەتی دروستکرد لەسەرەتاوە .تا شەستەکانی سەدەی ڕابردوو مۆدێل و فاشنی پێشینی جل وبەرگ لە چینی باڵاوە هاتەنێ چینی خوارو بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی شۆشی گەنجان لەوبارەیەوە .ئەو جۆرە فۆرمەی پێشین بوە نەریتێکی کۆمەڵایەتی هاتە نێو کۆمەڵگا ،بوە وردە کەلتور لەلایەن توێژی گەنجانەوە مومارەسە دەکرێ بەشێوەی جیاجیا بەبەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیاو تەنەکۆمەڵایەتیەکان .

مۆدێلەکان و پێگەی کۆمەڵایەتی : یەکێ لەو میکانیزمانەی کە دەبێتە بڕەوسەندنی ئەو دیاردەیە بریتیە لە خۆنمایشکردنی جەستە لەتەنەکۆمەڵایەتیەکاندا بەپێشینی جۆرەها فاشنی جلوبەرگ بۆئەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی لەنێو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان پەیدا بکات .کە دواجارەبێتە سەرنجڕاکێشانی هەوادارانی و پەیداکردنی کۆیار ،ئەوەی کەجۆگای سەرنجە خوێندنەوەی پشتی پەردەی کاری مۆدێلەکانە تیایدا کۆمەڵێك گەمەکەر ڕۆڵی تیادا دەگێڕن کە هەمیشە بەشێوەی نهێنی کاری لەسەردەکەن ،بەشێکی دەسەڵات ئەوگەمە قێزەونە دەبینێت ئامانج لێی کەبەتێگەیشتنی خۆی کرانەوەی کۆمەڵگایە بەوی دونیادا بەڵام لەوە نەگەیشتوە ئازادی وکرانەوەی کۆمەڵگا، پڕۆسەیەکی مێژوو کردی دورو

درێژە پەیوەندی بەکۆمەڵك فاکتەری خودی و بابەتی هەیە،ئەو جۆرە کرانەوەیە بۆ کۆمەگای کوردی کە میراتگری پرسەی نگەتیفی حیهانگیرو سەرمایەداریە لە ئستادا ئەزمونکی ترسناکە بۆ خەڵك کە گیرۆدەی کۆمەیك کشەی ئابوری وسایکۆلۆژی وکەلتوریەوە بوە. بەگشتی ئەو جۆرە لە نمایشکردنە ناچتە نۆو, کنتکستی گۆڕانکاریەوە ، هەروەهائامرازك نیە بۆکاری جوانی و ئیستاتیکا ،گۆڕانکاری بەکارهنانی مۆدل نیە بۆلەشفرشی وبزنس ، هەروەك ئامانجکی تریان ئەوەیە گەنجان سەرقاڵ بکەن ،کەئەوەش لای خۆیەوە جۆرك لەدژبەری کۆمەایەتی لەنۆو گەنجان دروستدەکات ، تووشی کۆمەڵك کشەی دەرونی وکۆمەایەتی دخی نا ئارمی و ناهەموار دەکات ،بەجۆرك خەیاڵ و ئەندشەی بەرەو ئاقارك دەبات کە کار لە هەسوکەوت و هەفتاری دەکات . دخك دروستدەکات لای گەنج کە بیر لە تۆرکردنی حەزە سکسیەکانی بکاتەوە ،پرکردنەوەی کاتی بەتاڵیان تیا بەسەردەبەن کە لەئستادا بۆکاری گەیشتۆتە لوتکە بۆیە هەمیشە بیر لەرگایەك دەکەنەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کاتە، ووە لەو شۆینانە دەکەن کە تیایدا ئەومۆدلانە کاردەکەن یا ۆژانە سەردانی تۆەکۆمەایەتیەکان دەکەن دواجار دەبنە ماشنك بەدەستی ئەو مۆدلانە ، بەوەش کاریگەری نەرنی دەکاتە سەر لایەنی سایکۆلۆژی و کۆمەایەتی تۆژی گەنجان بەرەنجامەکەی دەبتەهۆی تك چونی بەرزەفتی کۆمەایەتی و شلەژانی هاوسەنگی خزان وچەندین کشەو گرفتی تر .

ئەو دەزگاو کەناانە،کچەمۆدلەکان دەکەنە کایەك بۆ بازرگانی سکسیی، کە بگومان خودی ئەو بەرپرسانە بەشوەی ناستەخۆ بەشدارن لەوپۆسەیە ،بەکردنەوەی کۆمەڵك کاری بازرگانی وبزنس دواتر بەکاری دنت تا ئەو کاتە ئارەزوە مادی وشەهوانیەکانی تۆردەکات. سەیرەکە ئەوەیە ئەومۆدلانە ۆۆ و پگەی کۆمەایەتی بەدەستدەهنن لەکەسکی شکستخواردوی کۆمەایەتیەوە کەهنگە بەشکی پەیوەندی بەشکستی ئەزمونی ژیانی کەسی ئەو مۆدلانە بت قەرەبوی بەمەدەکاتەوە ، دەیکاتە کەسکی ئەکتیڤ لەنۆوداودەزگابیرکراسەکان حکومەت ،هزی کۆمەایەتی پدەبەخشۆ ، لەنۆو کۆمەگا ناوبانگ و پرستیژ دەبت دەبنە خاوەنی پگە و سەرمایەی مادی و هەمزی ، دەسەات بەدەستدەهنن .بۆنمونە زرجار هەرپۆژەیەکی بازرگانی و ئابوری و تەنانەت سکتەرەکانی تر بەخانمە مۆدلەکان دەسپرن هەم بۆ پەیداکردنی کلنت و کیار هەم بۆ ساغکردنەوەی کاکان .ئەوەی لەکوردستاندا دەگوزرت سنوری هەموو هەوشت و بەهایەکی تپەاندوە . ئەگەرچی خراپ بەکارهنانی ئەو کارە پەیوەندی بە کۆمەڵك

فاکتەری کەلتوری و خەفەکردنی تاکی کوردیشەوە هەیە کە ناکرێ نادیدە بگیرێت چونکە ئەو کەلتورە هەمیشە ئەو دیاردانەی بەرهەم هێناوە . مۆدێل لەدونیای دەرەوە کە ڕساو سیستەم هەیە بەکارناهێنرێت لەژێر پەردە بێ کاری لەشفرۆشی بەکوئەوپارەیەی کە پەیدای دەکات ،بەرەنجامی کارەکانی خۆیەتی دواتر بەشکی دەکاتە پێژە بێ کاری خۆر خوازی و هاریکاری بێ ئەوکۆشە کەمەایەتیانەی کە ڕوبەڕوی کەمەگاکەی دەبێتەوە دواتر خەونەکانی تری دەهێنێتەدی بەرگایەکی ماقوڵ .لەشفرۆشی و مۆدێل و فاشن دوو کاری زۆر جیاوازن ،بە درێژایی مێژوو لەشفرۆشی هەبوە وەك کۆشەیەکی کەمەایەتی چونکە دواجار ئەو دیاردەیە لادەرە، پێگەیەکی نزمی هەیە لەنێوستەرەکتوری کەمەایەتیدا لێرە هەردوو پیشەکە ئاوێتەی یەك بوون ، بەڵام کاری مۆدێل تەواو پیشەیەکی جیاوازترە .

---

# کەمەناسی کێنا … *حیکمەت نامیق

مرۆڤ کاتێ مەرگی ئەوانی تر دەبینێ وێژدانی تەواو ئازار دەکێشێ ئەوە ئەو حەقیقەتەیە، کە ئێستا هەموو مرۆڤایەتی پێیدا تێدەپەڕێت کەلەو پەڕی ترۆپکی نائومێیەوە ژیان گوزەردەکات مرۆڤ وەختێ دەگاتە نائومێدی ئیدی هیچ دەرچەیەك نابینێ تەواو پەرشان و خەمناك دەبێ لەژیان نە خوێندنەوەی کتاب دادی دەدات نە گوێگرتن لە مۆسیقا .نە هیچ شتێك چونکە هەمیشە لە خەم و ئازاری ئەوانی تر دەژیت ….مرۆڤ لە ئێستادا ڕوبەڕوی دۆخێك بۆتەوە چەندە پێشوتر بێزار بوە لە حکومەانی بەرپرسەکانی ئەوا کوێنا بەیەکجاری شەکەت و ماندوی کردوە ،سایکۆلۆژیەتی بەجۆرێك شێواندوە هەست دەکات تەنهاترین کەسە لەنێو ئەو جیهانەدا .

ئەو تارمایەی ،کەووی لە هەموو دونیا کردوە سەیرە مرۆڤ لە ئاستی دەستەوەستانە ئەقل ناتوانێت پەی پێ َببات وچارەی دۆخەکە بکات ئەگەر ئەوروپا بەو هەموو بیریارو زانسخوازو گەشەسەندنە ئەقلی و مەعریفەی خۆیەوە نەتوانێ ڤاکسینی ئەو نەخۆشیە بدۆزێتەوە ئەوالەبەرامبەردا ئەقڵی شەرقی و جیهانی ئیسلامی دەبێ چاوەڕێی ڕەحمەتی ئەوروپا بکات لەوبارەیەوە …زۆرێك لەو گووتارە فیکرو

زانستیانەی کە ڕۆژانە باو دەبنەوە لە توژینەوە زانستیەکانی دونیا ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو نەخشیە لە ئاژەلەوە گواستراوەتەوە بۆمرۆڤ بە دیاریکراوی لە شەمشەمەکۆرە bat هەروەك هێندێکی تریان پێیان وایە دەستی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی سەرمایەداریە هێندێکی تر پێیان وایە ، کە ئەوە دەرفەتێکە بۆزیاتر چەسپین وزیاتر کۆنترۆڵکردن ودووبارە هەیمەنەی دەسەڵات بەسەر خەڵکەوە .

ئەگەرچی کۆمەڵناسی فکری ئەوەی کردووین ،کە دڵخی سەرمایەداری هەکارێکە بۆسەرهەڵدانی دیاردە ترسناکەکان لەوبارەیەوە ئەو جۆرە لە نەخشیە کوشندانە هەمیشە پێشبینی کراو بووە لەلای زایانی کۆمەڵناسی بەڵام هەموو ئەو پاساوانە لۆژیکی بن یا نا لۆژیکی هیچ بایەخێکی نیە چونکە دواجار مرۆڤ لەهەموو شتێکی تر بە بایەختر و بەنرختر ەدەبێ زانست هەمیشە لەخزمەت مرۆڤایەتی بێت لەئایندە دەکرێ وەهامی کۆمەڵیك پرسیاری تایبەت بە باوبونەوەی ئەو نەخشیە بدرێتەوە ..وەك بۆچی تا ئێستا زانست بەوهەموو ئامرازە پێشکەوتنەوە نەیتوانی کۆنترۆڵی ئەو نەخشیە بکات؟بۆچی هەرلەسەرەتاوە نەتوانرا بەری پێبگیرێ ؟بەهەرحاڵ کۆمەڵناسی وەك بوارێك بۆشیکردنەوەی دیاردەو ڕووداوەگەورەکان قسەو لێکدانەوەی خۆی هەیە .کۆمەڵناسی هەمیشە لەنێو هەناوی کۆشەو ڕوداوە مۆژوویەکان گەشەی کردوە سیستەمۆژیای پزیشکی وەك بەشێك لە کۆمەڵناسی تایبەتە بەو کۆشانە بەوردی دەڤانێتە پەیوندی نەخ َشیەکان بە کۆمەگاوباوبونەوەیان .

زاناکان هەر لەدێرینەوە باسی ئەو ڕ ٍوداوانەیان کردوە بۆنمونە دەرکایم باسی خۆکوشتنی و هاریکاری کۆمەڵایەتی کردوە کاتێك کۆمەڵ ڕوبەروی کۆشەو بەڵاو پەتا دەبێتەوە هەروەك ئالریش بێك لە کتێبی risk society بەوردی باسی کارەساتی کۆمپانیاکانی سەرمایەداری کردوە لە باوبونەوەی نەخشی و چەکی کۆمەکوژی و پیس بونی ژینگەو شتی تر ،باومان یەکێکی تڕە لەو زانایانەی کە بە چڕی لە کتێبی مۆدێرنەی شل و پێست مۆدێرنەو جیهانگیری باسی کارەساتەکانی سەرمایەداری و کۆمەگای دوای پیشەسازی و کێشەکان کردوە کردوەکە لەداهاتودا بەڕێکی مرۆڤ دەگرێ .

بەڵای من کەمتا گەورەترین ڕ ٍووداو بوو تا ئێستا مرۆڤایەتی بەخۆی نەبینیەوە بەجۆرێك مرۆڤ نەك تەنها لە بۆ متمانەیی تەواو لە ترسی تەواو دەژی بەکو ڕق و کینەی کۆمەڵایەتی بەرامبەر یەکتر باو کردێتەوە وای کردوە ،کە تۆ ڕقت لەویتر بێت ئەو ڕوداوە بوە هۆی ئەوەی ،کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەتەوای لێك هەڵوەشێتەوە شتێك نەما بەناوی خێشەویستی ئەویتر . لەوبارەیەوە خێشەویستی تەواو

غائیبه ،ئەوەداوه مرۆڤی تووشی هیستیریا کردوه بەشێوەیەك حەزدەکات کەس نەبینێت دورکەوێتەوە، هەنگە خاڵی ئەرێنی ئەو داوە بریتیبێت لەوەی دووبارە ژیانی خۆزانی و لێکاڵی پەیوەندیەکانی جارانی گەڕاندەوە سەردەمی زوو .کاتێنا بیرکردنەوەی مرۆڤی بەرامبەر بە کۆی پەیوەندیەکۆمەڵایەتیەکان و شتەکان گۆڕی هەموو جیهان و سروشت و مرۆڤایەتی خستە ژێرپرسیاری جدیەوە هەرلە خۆزانەوە تا دەزگاو کایەکانی تری نێو کۆمەڵ ،بیرکردنەوەی گۆڕا بەرامبەر سەرمایەداری new لیبڕاڵ ،مۆدێرنە ، زاست ، تۆور ، ئازادی .شار ،مرۆڤ ،سروشت بەگشتی دووبارە پێناسەی شتەکان دەکاتەوە.

قوتابی دواساڵی دکتۆرا لە زانکۆی باشوری فیدراڵی لە ڤوسیا*

---

# لەبارەی هاوڕێیەتیەوە … حیکمەت نامیق

ئایا هاوڕێ یەتی چیەو چۆن دروست دەبێت ؟ بنەماکانی چین ؟ مەبەستم لە چەمکی هاوڕێیەتیە لە نێوان دوو کەس یازیاتر لەنێو کۆمەڵدا بەگشتی . کۆمەڵگا بریتیە لە تۆڕێك پەیوەندی کۆمەڵایەتی مرۆڤ ئەگەر بڕیارە وەك تاکێکی چالاك بژیت پێویستی بەهاوڕێیە لەنێو ئەو پەیوەندیەکۆمەڵایەتیەی، کە خۆی تیا دەزیتەوە وەك بکەرێك بنوانێت ،چونکە لەو ڕێگایەوە کارلێك لەگەڵ تاکەکان دەکات ،بەمانایەکی دیکە بۆئەوەی لەگەڵ ئەویتر بژیت دەبێ دونیاك ئەرك و وەزیفەی کۆمەڵایەتی بەجێبهێنی بەوهۆیەوە خۆی لە نێو ئەوانی دیکە دەزیتەوە ،کە لەبواری سۆسیۆلۆژیا بە کارلێکی هەمایی دەناسرێتەوە ،واتە هەستەنگاندی خودو ئەوانی دیکە بۆتە ،نرخاندنەکە هەندێ جار ئەرێنیە هەندێ جار نەرێنیە .ئەگەر چی بابەتی هاوڕێیەتی زۆر ئاڵوزە بەگشتی چونکە دواجار مرۆڤ بەگشتی لەپەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا ڕوبەڕووی شوێنگەو پلەوپایەی کۆمەڵایەتی کەسەکە نرخاندنی بۆدەکرێ چی بەشێوەی فەرمی بێت چی بە نافەرمی بێت لەلایەن دوادەزگاو کەسەکانەوە .

زەرجار دروستبونی هاورێتی لەڕگەی ئامرازەکانی پەگەیاندن و بە کۆمەڵایەتی بوونە وە دەبێت socialization یا ئەوە تا لە قوتابخانە هەگی ئەو متمانەیە دروست دەبێت یا لە زانکۆ یا ئەوەتا لە شوێنی ئیش کردن بەگشتی .ئامانجی مرۆڤ بۆهاورێ گرتن یا هاورێیەتی زیاتر پەیوەندی بە هێنانەدی کۆمەڵك حەزو ئارەزوی پەنهان و ئاشکراوە هەیە هەنگە خواستەکەیان مەزنیش بێت ،کە بەیەکەوە هەوڵی بۆدەدەن هەندێ جار ئامانجەکە دەبێتە هۆی بەختەوەری بۆیەکتر یا ئەوەتا دەبێتە هۆی شکست و دابڕان و تێکچونی پەیوەندیەکان .
مرۆڤ بە پرکردنەوەی ئەو فەراغە سایکۆلۆژیەی ،کە هەیەتی هەمیشە بەدوای هاوڕێیەك دەگەڕێ تا وەك پشت و پەنایەك دەردە ێ و کۆشەکانی لاباسبکە ،چونکە متمانەیان تەواو لای یەك دروستبوە.یەکتریان خۆشدەوێت پابەندن بەو ڕساو بنەما گشتیانەی کە خۆیان هەیانبژاردوە.

پەیوەندی هاوڕیەتی بریتیە لە بەخشنی متمانەی دوو کەس یا زیاتر ،کە ئاراستەو بیرکردنەوەیان تاڕادەیەك نزیکە ئەو پەیوەندیە هەزامەندی سایکۆلۆژی هەردوو کەسی لەسەرە ئەوان هەگری یەکن لە خۆشی و ناخۆشیەکانی ژیان هاوبەشی یەکترن یا قوربانی بۆیەکتر دەدەن لە قۆناغەکانی ژیانی یەکتریاندا .

هاوڕێ یەتی لەسەردەمێك بۆیەکێکی تر جیاوازی هەیە واتە کات و شوێن ناڵێ گرنگی هەیە لە دروستکردنی هاورێ . لەسەردەمی پێش مۆدێرنە زیاتر پەیوەندیەکە هێوبەوبوە ئاستی تێگەیشتن بەرابەر یەکتر ئاسان بوە متمانە زیاتر بوە ، پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان خزمایەتی و نەریتی گوندنشینی و میراتگیری زاڵبوە بەسەرمرۆڤەکان بۆ دەستنیشانکردنی هاوڕێ ، دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی نەبوە زیاتر دەستە جەمعی بوە هەروەها ئاین و داب و نەریتەکان ناڵی خۆیان هەبوە، بەڕام دوای سەرهەڵدانی ئۆشنگەری و مودێرنە چەمکی هاوڕێیەتیش گۆڕانی بەسەرداهات بەجۆرێك هاورێی هەمیشەیی بەدەگمەن دەمێنێ یا ئەوەتا سەرقاڵی مرۆڤەکان و دورکەوتنەویان لەیەکتر زوو کۆتایی بە هاوڕیەتی دەهێنێت .
یا ئەوەتا نەگونجانی ئایدیاو ئوانینیان بۆکۆشە کان کۆتایی بە هاورێیەتیان بهێنیت . تەکنەلۆژیای تازەو سەرمایەداری و بە کۆمپانیاکردنی کۆمەگا و نەمانی بەهاکان بەگشتی کاریگەری زۆری هەیە لە کەمبونەوەی هاورێی هەمیشەیی .دونیای دوای مۆدێرنە متمانەی مرۆڤەکانی لەنێو یەکتردا لەق کردوە هاورێیەتی بەشێوەیەکی

کاتی و رەسمی دەبینرێت زیاتر .

ئەگەرلە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسی و فیکریەوە ئەو بابەتە شەنوکەو بکەین پێوستمان بە کۆمەکی هەندێ بیرمەندو سوسیۆلۆژیستە ، زیگمۆن باومان پێی وایە مرۆڤ لەئێستادا لەدۆخێکی نائارامی دەژیت ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەی ، کە ژیانی ئێمە دیاریدەکات مەحکومە بە لۆژیکی بەرخۆری consumption هاوڕێیەتی لاوازبوە هاوڕێەتی لای باومان بریتیە لەدروستکردنی پەیوەندیەکی تازە لەسەر بنەمای خۆشەویستی و جیاوازی، ئەز مون، هاوڕێیەتی تەنها کۆمەڵیك براەری کاتی و پچڕپرنیە لە کافیەك یا باڕك بەکو دەشێ هاوڕێیەتی بە شێوەی گروپی بێت.
هاوڕێیەتی لای باومان لەسەردەمی پێست مۆدێرنەی شێ پریەتی لە قەلەقی و نائارامی لەهەمان کاتدا پریەتی لە چالاکی و کارکردنی جیاجیا بەیەکەوە . ئەو هاوڕِیەتی لەلایەك بە بەشێك لە ڕوبەروبونەوە و شێوەیەك لە خستنەگەری ئەزمونی یەکتر وێنادەکات لەلایەکی تر هاوڕێیەتی گرێدەداتەوە بە خۆشەویستی و پەیوەندیەکی مۆاڵیەوە .

ئەرستێ پێی وایە هاوڕێ یەتی چەندین جۆری هەیە لەوانە هاوێَیەتی بەرژەوەندخواز UTILITY هاورێ یەتی بۆچێژو کات بەسەربردن ، هاوڕێیەتی بۆچاکەو خێر .مرۆڤ مادام بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە هەمیشە پێویستی بەهاوڕیە بۆژیانکردن ەنگە مرۆڤ لەژیانیدا کۆمەڵێك جۆری هاوڕێیەتی بۆدروست بێت کە قەد چاوەڕی نەکردوە پێشتر ئەوەی یەکەم ،کە ئەرستێ باسی کردوە کاتیەو زوو تەواو دەبێت بەپێی بەرژەوەندی هەردولا ڕەنگە تەمەنیان و شوێنیان و تەنانەت زمان و کەلتوریشیان جیاوازبێت ،بەڵام بەرژەوەندیەکان بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە جۆری دوەمی هاوڕیەتی بەپێی بۆچونی ئەرستێ هاوڕێیەتیە لە پێناو چێژو بەسەربردنی کات PLEASURE کە زیاتر ئەو بەشەیان گەنجەکان دەگرێتەوە چونکە گەنج بە گوتەی ئەو بیرمەندە زیاتر بونەوەرێکی غەریزاویە هەست و جوڵەکانی بێ دەستەبەرکردنی پێداویستیە ەمەکیەکانیەتی ڕەنگە ئەو جۆرە هاوڕیەتیە لەگەڵ گرِانکاری لەتەمەنی گەنجی شوازی هەسوکەوتی هاوڕیەتیەکەش گرِانی بەسەردابێت واتە ئەوەش تاسەر نیەو کاتیە ،چونکە زیاتر غەریزە تەحەکوم بە ەفتاری تاکەکان دەکات.
جۆری سێهەم GOODNESS ئەو جۆرەیان ئەرستێ بە پێزەتیف ناوی بردوە هەمیشە ئەو بەشەیان دو هاورێی نزیك لەیەکترن یا بەمانایەکی تر هەسوکەوت و بیرکردنەوەو ەفتاریان لەیەکدەچێت ..
وەك باسمانکرد هاوڕێەتی چەندین جۆرو ەهەندی هەیە،سۆسیۆلۆژیا

پەماندەبێت هاوڕێەتی بەرەنجامی بەکۆمەڵایەتی بونی مرۆڤەکانە لەگەڵ یەکتردا ،سروشتی هاوڕێیەتی وایە بەپێی زەمەن و شوێن کۆتایی دێت یان کاڵدەبێتەوە ، تەنانەت ئەگەر هاوڕێەتیەکە ڕوحیش بێت .

چەمکی هاوڕێەتی لەدوای پێست مۆدێرنەو زانبونی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەیەکجاری گۆڕانی بەسەرداهات بەشێوەیەك هیچ نۆرمێکی کۆمەڵایەتی ڕوڵی تیا ناگێڕێت ئەگەرچی هاوڕێیەتی زۆرجار بریاری کەسی تاکەکانە واتە تاکایەتیە ،دوو هاوڕێی فیکرەو هەڵسوکەوت و میزاجیان لەیەکتر نزیکە بەڵام جیاوازیەکان هاوڕێیەتی جواندەکەن ئەگەر بەگرینەوەی ئایدیاو ماریفە بەکاری بهێنن وەك بوارێك بۆ دیسکۆرسکرن ،لەئیستادا هاوڕێیەتی بوەتە کاتی و سودی کەسی بەتایبەتی لەشوێنی کاردا workplace مرۆڤ لە شوێنی کاردا زوو دەبنە هاوڕێ و زووش یەکتر بەجێدێڵن ، لەسەردەمی دوای مۆدێرنەو تازەگەری زۆرجار سێکس و سۆزداری شوێنی هاوڕێیەتی جارانی گرتۆتەوە ئەوەی پەیوەندی هەگربوون و intimacy سۆزداری هەبێت لەنێوان یەکتردا بەهاورێ هەژماردەکرێ ،بەتایبەتی نیشانی هەردوو ڕەگەز .یەکێك لەتایبەتمەندیەکانی هاوڕێەتی پاراستنی نهێنی یەکدیە بەشێوەیەك تامردن پەیمان دەدەن یەکتر نەشکێنن

ئاکاری هاوڕێیەتی بپارێزن بەڵام دوای کۆتایی هاتنی پەیوەندیەکە زۆرجارنهێنی یەکتر بۆاو دەکەنەوە واتە ئەوەی دەمێنی تەنها خودە و تەنهاییە بۆیە solitude پەیوەندی هاوڕێیەتی سروشتکی تەمو مژاوی هەیە بە تێپەربونی کات کۆتایی دێت مرۆڤ تەنها دەگەڕێتەوە لای خێی سەرنج بدە هاوڕێیتی سیاسیەکان وەك تایپێك لە هاوڕێیەتی ، وەختی بەرژەوەندی هەردوولا دەکەویتە مەترسی دواتر دەبنەوە دوژمن و سەنگەر لەیەکتر دەگرن ڕەنگە تەمەنێك لە پەیوەندی هاوڕێیەتیان بەسەر بردبێت بەڵام دواجار هەرچی ناشیرینیە بەیەکتر دەیکەن .
یا بۆنە دووهاورێی کەسی چەندین ساڵە دوای تەواوبونی پەیوەندیان ،تەنانەت نکۆڵی لە یادگاریەکانی یەکتریش دەکەن .
دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم ،کە مەرج نیە لەنێو هاوڕێیەتی خۆزاندا هاوڕێیە تی هەبێت واتە دەکرێ ژن و مێردبن بەڵام هاورێ نەبن بە پێچەوانەشەوە ،یان دەشێ دو برای یەکتر بن هاورێی یەکتر نەبن بە پێچەوانەوە هەر ڕاستە ، بەڵام بە دەربڕینی من ژن و مێرد ئەگەر نەبنە هاورێی هەمیشەیی پەیوەندیەکی سەقەت بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە.

**هاوڕێیەتی و کۆبەکۆکردن**

دەکرێ هاورێشبن بەڕام کەبەکێ بکەن بێ کاری باش وەك خوێندنەوەی کتێب داهێنان لەبورای ماریفی و فیکری یا ئەوەتا دو پرۆژەی جیاوازیان هەبێت بێ پشخستنی سێکتەرێك لە سێکتەرەکانی وڵات ئەو جۆرە تایپە لەوڵاتە گەشەکردوەکان هەیە زۆر جار بەگروپ ئەنجامی دەدەدن وەك ململانێیەك بێ گەشەسەندنی پەروەردەوە سێکتەرەکانی دیکە سودی لێوەردەگیرێت .

**هاوێیەتی و تێەکەمەڵایەتیەکان**

لەسەردەمی ئێستا دا مرۆڤ بەتەوای لەرێگای هەموو فێمی بەرنامەکان سەرقاڵە بە تێرە کەمەڵایەتیەکانەوە وەك فەیسبوك و ئینستیگرا م و تویتەر و ئەوانی دیکە .بەشێوەی ئەرێنی و نەرێنی مامەڵە لەگەڵ ئەو دونیایە دەکات ،کە مەدەرنە لەگە ڵ خێی هێنای بێ نیو پەیوەندیە کەمەڵایەتیەکان بەشێوەك مرۆڤ بوە کەسێکی لاوازو بەرخۆر بەدیوە نێگەتیفەکەی وەك کەسێکی واقعی ناژیت، سایکۆلۆژیەتی شێواوە لەو ڕوەوە کاریگەری ڕاستەوخێی لەسەر هەڵسوکەوت و کردەوەکانی داناوە ڕۆژانە چەندین کاتژمێر تەرخانەکات بۆبینینی لایك و کۆمێنت و پێستکردن و چات و بۆاوکردنەوەی وێنە و گەڕان بەدوای هاورێ ،دروستکردنی هاوڕێ لە تێەکەمەڵایەتیەکان زۆرجار کاتیە و بێ چۆژو سودە زوو بەسەر دەچێ بەدەگمەن دەبێتە هێی دروستکرنی هاورێی goodness باش …

**هاورێیەتی لەنێو کورددا**

پێش ئەوەی باسی هاوڕێیەتی لە نێو کورد بکەم ،دەمەوێ ئاماژە بە ڕۆلی ئابوری چینەکان بکەم لە گەشەکردن و کزبونی هاورێیەتی .بەدڕژایی مێژوو فاکتەری ئابوری یا چینەکان بەگشتی زۆرجار پەیوەندیە کەمەڵایەتیەکان دیاریدەکەن بو وێنە چینی دوڵەمەند بە سامانی ئابوری هەمیشە پەیوندی ئابوری و کەمەڵایەتی هاورێی هاوشێوەی خێی هەیە بە پێچەوانەشەوە بێ چینەکانی دیکەش ڕاستە.
ئەگەرچی هاوێیەتی وەك باسمانکرد لەپێش دونیای مەدەرنە pre modernity داودەزگاکانی بەکەمەڵایەتی بوون دیاریاندەکرد ئەمەی کوردیش لەو ڕۆگایەوە هاوڕێمان پەیدادەکرد بۆئەمە مزگەوت و قوتابخانەو گەڕەك و زانکێ باشترین شوێنی دروستکردنی هاورێ بوو ئەوە جگە لە شوێنی کارکرن بەگشتی و هەروەها پەیوەندی خزمایەتیش ڕۆلێ هەبوو لەوبارەیەوە ،پێشتر هاوڕێیەتی منداڵی لەنێو گەڕەکدا دەبوە سەرچاوەی دروستکردنی هاورێ ئەو جۆرە لەنێو کوردا تاڕادەیەك بە پیرۆز وەسفدەکرێ چونکە یادەوەری منادڵی هەمیشە لای مرۆڤی کوردی

جێگای ستایش و ڕێزبوە، بەڵام ئەو تایپەش بە تێپەربونی زەمەن کۆتایی هاتوە تەنها وەك سۆزێك جارجارە بیری یادەوەری ئەو ڕۆژانە دەکەی، کە تیایدا کاتی منایەت تیا بەسەربردوە.

هاوڕێیەتی و یادەوەری هەمیشە بەیەکەوە بونە بەڵام دوای کۆتای هاتن دەکرێ ئەو یادەوەریانە ببێتە ئەزمونکردنی مرۆڤەکان و بەکارخستنیان بۆ گەشەکردنی لایەنی دیکەی ژیانی مرۆڤەکان .یەکێك لە پرەنسیپەکانی هاوڕێەتی بریتیە لە وەفاداری نێوان کەسەکان لەسەردەمی زوو یا بەدیاریکراو ی وەختێ بەهاکان رولێان هەبوو لە ئاراستەو پەروەردەکردنی مرۆڤەکان تارادەیەك وەفا هەبوو لە نێو پەیوەندی هاوڕێیەتیدا بەڵام دواجار بە تێپەربونی کات کاڵبویەوە یا پوکایەوە.

جاران هاوڕێیەتی بە کۆمەڵك پێودانگ و پێوەر دیاریدەکرا ،وەك هاوتەمەنی ، هاوسێیەتی ،خزمایەتی ،باوان ،هاو عەشیرەتی ، هاو حیزبی ، هەموو ئەو کەناڵانە وەك سیستمێکی نافەرمی ڕێی خێیان هەبوو لەدەست نیشانکردنی هاوڕێ لەنێو مرۆڤی کوردیدا ،نەوەی کێن previous generation وەك چێن بۆچون و پێرسپێکتیڤی خێی دەسەپاند لە ئاراستەکردنی شێوە ی ژیانی تێبەگشتی هەرئەواش تێی ئاراستە دەکرد لەدروستکردنی هاورێ ،لەبەر کۆمەیك هۆکاری کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی ،پێشوتر و ئێستاش واباوە رەنگە ئەمە زۆربەی کەلتورو کۆمەگاکان بگرێتەوە بۆنمونە لە بابەتی هاوتەمەنی هەمیشە کۆمەگاو خێزانەکان پێیان وایە پێویستە هاوشێوەی تەمەنی خێت بکەیتە هاوڕێ باشترە بۆ نرخاندنی ئەرێنی کۆمەگا لەوبارەیەوە ،یان هاوسێیەتی باشترە لە دەرەوەی ژینگەی لۆکاڵی بەوشێوەیە ،جاران هاوڕێیەتی نەریتە کلاسیکیەکانی خڕایەتی زیاتر هەژمونی بەسەر ڕکخستن و کۆنتڕۆڵکردنی تاك هەبوە بۆ دروستکردنی هاوڕێیەتی هەم وەك نەریتێ ًك هەم وەك سەرمایەیەکی ڕەمزی لەنێو کومەگا مومارەسەدەکرا .
واتە نۆرمە کۆمەڵایەتیەکان بەگشتی زاڵ بو بەسەر کەسەکان چونکە کۆمەگا پێی وایە ئەو نۆرمانە دواجار هاورێی خراپ و باش لەیەکتر جیادەکاتەوە هاورێی خراپ دونیایەك کێشەی کۆمەڵایەتی و لادانی کۆمەڵایەتی deviance بەدوای خێیدا جێدڵ بۆیە خێزان لە پێشودا هەمیشە ڕۆڵی چاودێریکردن و monitoring سنوردانانی تەواوی بەسەر ئەندامانی هەبوو لە هەمبەر پەیداکردنی هاورێ .

**چینی ناوەندو هاورێیەتی**
چینی ناوەند middle class ڕوێی هەیە لە بونیاتنانی هاورێیەتی

سەیلەژیا پەماندەلەت زەربەی ئەوانەی هاورێن لە چینی ناوەندن چونکە ئەوچینە بە پەیوەندی ڕوبەروو دەناسریتەوە face to face مرۆڤەکان لەنێو شەنگە گشتیەکان بەیەکدەگەن هەروەها لە نێو ڕوتینی ژیانی ڕۆژانەیان گوزەردەکەن چونکە پەیوەندیەکی سۆلیدارێتی solidarity لەنێو ئەو چینە گرنگەی کۆمەڵگا هەیە ،کە دەشێ ئەو هاوڕێتیە ببێتە هۆی خۆشەویستی نێوان مرۆڤەکان و بەکارهێنانی بۆ یەکبون integrationو گۆڕانکاریکردن چالاکی گروپی لە نێو کۆمەڵگادا بەڕا من نەبونی ئەو چینە و لاوازی ئەو جۆرە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە لە نێو کورد هۆکارێکە لە هۆکارەکانی چەقبەستویی کۆمەڵگاو نەگۆڕانی .

دوای بڵاوبونەوەی دونیای تەکنەلوژی و گۆڕانە یەکدوای یەکەکان ئیدی وێناکردنی کۆمەڵگا بێ شتەکان گۆڕانی بەسەرداهات ،شوێنی کار بو بە سەرچاوەی گەڵەکردنی هاورێ گرتن ، لە زانکۆ قوتابیان دەبنە هاورێی یەکتر ڕەنگە زۆر نزیکیش بن بەڵام دوایی تەواوبونی زانکۆ بەرەبەرە کاڵدەبێتەوە تەنانە دەپوکێتەوە ، لە فەیس بووك دەبنە وە هاورێی جاران دواتر لەسەر پستك لەسەر لایکك ،کە بە دڵی نەبوو بۆوکت دەکات ئەوە ئەو پەری کۆتای هێنانی سەردەمی هاورێیەتیە بە گشتی لە فەرمانگە تائەو کاتە هاورێتە کە کارت لەگەلی هەبو دواتر بەهەمانشێوە هاورێیەتیەکە تەواو دەبێت پرسیار ئەوەیە بۆچی پەیوەندیەکان لەسەردەمی ئێستادا کە بە دونیا دوای تازەگەری دەناسریتەوە پەیوەندیەکان لە زەربەی ئاستەکانی هاورەتی بەرو توانوە دەچێت ؟دەکرێ وەك research problem پۆیستی بە لێکۆینەوەیەکی جدی هەبێت لەوبارەیەوە .

**هاورێیەتی ونیفاقکردن hypocrisy**

ئەو جۆرە دیاردەیە لەنێو کوردا تارادەیەك ی زۆر بوونی هەیە ،کورددەمکە ئەو سیفەتە خراپە دوبارەدەکاتەوە لە نێو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا ئەگەرچی فاکتەری زۆرە ڕەنگە هێندکیان پەیوەندی بە سروشتی کەسیایەتی تاکی کوردیەوە هە بێت لە ڕوی سایاکۆلۆژیەوە ،کە هەمیشە هەستی بەکەمی خۆی کردوە لەبەرامبەر خۆی و ئەویتردا یا بەشکی زۆری پەیوەندی بە پرسەی بە کۆمەڵایەتیبونی مرۆڤەکانەوە هەیە ،کە لە بنەچەدا مرۆڤی دو ڕوو و مزدەوج دروستدەکات لەو بارەیەوە ئاین و پەروەدرەی کۆمەڵایەتی پشکی شێریان بەرکەوتوە .

ئەو جۆرە تایپە لە هاورەتی لە نیو هەموو سکتەرەکان بوونی هەیە لە نێو ڕۆشنبیران لە نێو ڕۆژنامەنوسان لە نێو مامۆستایان لە نێو گشت ئەکایەو شوێنگە کۆمەڵایەتیانەی کە مرۆڤی تیایە .ئەو فۆرمە

لە هاورێتیە ئەو پەری بێنرخکردن مرۆڤەکانە لەگەڵ یەکتردا ئەو بەشایان هەموو ئەدگارە خراپەکانی هاورێەتی تیا بەرجەستە دەبێ پەیوەندیەکە زوو تەواو دەبێ ،دوایی تەوابونیشی بکەرەکان قسەو قسەلێکیان هەردەمێنی لەسەریەك بەغایبی هەردوولا ، لای کەسانی دیکە سلبیاتی یەکتر باسدەکەن و ئیش لەسەر شکانەوەی یەکتر دەکەن بەرژەوەندی و سودی utility زۆری تیایە ئەو جۆرە لە هاورێیەتیە تاسەرنابێ و زوو دەتوێتەوە . لەکۆتایدا پێم وایە هاورێیەتی بریتیە لە داماڵینی مرۆڤ لە خۆپەرستی و کارکردن لەسەر خۆنەویستی ، ئەو جۆرە هاورێیەتی دەبێتە هەوێنی دروستبونی خۆشەویستی نێوان مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدی وکارکردن بۆ خێرو چاکەکاری و جوانی چەکەرەکردنی هاورێیەتی ڕوحی .

**حیکمەت نامیق**

**سەرچاوەکان**

Steve Duck, human relationships
2- mark Vernon, the philosophy of friendship

---

# ئایا گەندەڵی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە .؟ … حیکمەت نامیق

دیارە ئەو پرسیارە دەشێ ببێتە research problem کۆشەی لێکۆڵینەوەی هەر کەس و پسپۆرو لایەنێك دەیکات .کاتێ ئێمە قسەلەسەر بوونی گەندەڵی دەکەین وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی جیهانی یا گەردونی بەو مانایەی بەشێوەی جیاجیا لەنێو گشت جیهان و کۆمەڵەکان بوونی هەیە.کاتێك دیسکۆرسی discuss ئەو بابەتە دەکەین لەوانگەیەکی کۆمەناسی یەوە یەکسەر بیری دواوەزگاکان و کەلتورو سیستمی کۆمەڵایی و بەهاکان دەکەین بەگشتی لەنێو کۆمەڵگادا .یان بەمانایەکی دیکە ئەگەر گەندەڵیمان بینی ئەوە هەمیشە سەیری شلەژانی ئەو وەزیفە و ڕۆلە کۆمەلایەتیانە دەکەین ،کە هەر یەك لە تاکەکان تیادا دەیگێڕن .چونکە گەندەڵی وەك باسمانکرد پەیوەندی بە دامودەزگاو ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکانەوەیە هەیە

The idea of corruption is tied to institutions, roles

دەشێ وا پێناسەی گەندەڵی بکەین بەوەی ,کە هەڵەفتاری گروپێکە لە نێو داودەزگاکانی کۆمەڵ، ئامانجی ئەو گروپە دەستبەسەر داگرتنی ئەو شوێنەیە ,بەمەبەستی کۆکردنەوەی سەروەت و سامان واتا دەکرێ بڵێین جۆری هەڵەفتاری ئەو تاکانەی، کە بەو کارە هەڵدەستن بە دزیکرن وبنای بکەین .چونکە گەندەڵ دەبێتە بەشێك لە هەڵەفتاری تاکەکان ، یان هەنگە ببَیتە کاراکتەری بەشێك لە تاکەسەکان ئەوانەی ,کە لە دەزگایەکی میری کاردەکەن.وەختێ ئەرکەکەی خراپ بەکارهێنا یا دوورکەتەوە لەورێساو دەستورەی کە بۆی دانراوە ئەوا دەبیتە کەسێکی گەندە ێ ودەزگاکە بۆ بەسودی کەسی بەکاردێنێ ,رەنگە کەسەکە بەرپرسێك بێت یاتاکێکی ئاساییی بێت یا ئەوەتا لەشوێنێك کاردەکات کەدەسەاتی هەبێت .

بابڵێنە سەر کرێکی پرسیارەکە ئەگەر گەندەڵی بریتی بێت لە دیاردەیەکی کۆمەایەتی ئەوا بەپێی لێژیکی دەرکایم و گروپەکەی ئەوکات دەبێتە بەشێك لە نەرم و کەلتور دواتر دەبێتە SOCISLIZATION یا بەکۆمەایەتی بوون .. ئەگەرچی من پێم وایە گەندەڵ سیستمی سیاسی یان حکومەت بەپلەی یەکەم دروستی دەکات نەك بەهاو نەرمێك بیت مروڤ لەکۆمەگایەکی تەنانەت دواکەوتوش مومارەسەی ناکات .چونکە هەرگیز کۆمەڵ ناخوازێ بەرپرسەکەی دز بێت ،راستە گەندەڵ بوونکی ەاستی نێو کۆمەە بەام بەپلەی یەك ئەو بوونە پەیوەندی زیاتری بە حکومەت رکخستنی بزنسس و وەبەرهێنانەوەهەیە , لەگەڵ

ئەوەشدا تاك خاوەندارێتی دەکات لەنێو ژیانی کۆمەایەتیدا .کۆمەناسی ئەمریکی دانێڵ لیتڵ DANEIL LITTLE پێی وایە کە گەندەلی پراکتیزەی کۆمەایەتیە و پشتگیریەکی کەلتوری هەیە )لەدونیابینی ئەو نوسەرە گەندەڵی دەبێتە دیاردەیەکی کۆمەایەتی و کەلتوری کۆمەگا سەپێرتی دەکات بەام چۆن و بە ج شێوازێك ئایا ئامرازی پێگەیاندنی کۆمەگاکان، تاکی گەندەڵ بەرهەم دێنێ ؟ئەوەش دەشێ ببێتە کێشەی توێژینەوە .من پێم وایە گەندەڵ خەسەتی چوارچێوەی رکخراوکە ORGANIZATION کە شکستی هێناوە لە خزمەت و بەرپرسیاری و پابەندبوون بەرَیساکان ،بەپێچەوانەوە دەکرێ ئەو رکخراوە یا دەزگایە تەبەنی رساکان بکات و مرۆڤ وکۆمەەکەی بپارێزێ لەتەشەنەکردنی گەندەڵی وەك دیاردە نەوەك بە پێچەوانەوە..ئەگەرچی من پێم وایە گەندەڵی بەرمەبنای سیستمی

سەرمایەداری و مەدەرنەیە بەومانایەی کەوا هەموو شتێك بە پێوەری پارە وسامان دەپێورێت وەك ماركس دەڵی پارە وەك سزانی جیهانی وایە ( money as the universal whore ئەوەی ،کە لەکوردستاندا هەیە گەندەڵی لەوەتێپەیوە تەنها بەرمەبنای سیستمی سیاسی و ئیداری بێت بەکو پەیوەتەوە نێو ەهەندە کێمەایەتیەکەی لە ئێستادا لەنێو هەمو سێکتەرەکانی ژیان بوونی هەیە ، چەمکێکی وەك nepotismخزمحزمێنە یا واستە یا ئەوەتا پەیوەندی کەسی بەگشتی ەڵی بەرچاویان هەیە لە برەوسەندنی ئەو دیاردە نێگەتیفە .

لەکێتای ئەو ووتارە کورتە دا دەکرێ بەو ئەنجامە بگەین ،کەگەندەڵی دیاردەیەکی کێمەایەتیە بەڵام ئەو دیاردەیە هاوتەریب نیە لەگەڵ هەموو کایەکانی نێو کێمەڵ. چەندین گروپ و توێژ هەن لەنێو کێمەڵ نەباوەڵی پێیەتی نە مومارەسەی دەکات یا بەمانایەکی تر ئەو دیاردەیە نەبێتە سێشەزەیشن.